**تاڵەبانی و حیزبی شیووعی عێراق بەرین تا بەڵکو یارمەتیمان بدەن و بتوانین بەرگری لە خۆمان بکەین...»(ئاڵەکۆک، ل ٢١٧).**

ماموستا شێخ عیزەدین حوسێنی، باسی رووداوەکانی ئەو سەردەم و رۆژانە و چۆنیەتیی دامەزرانی نووسینگەکەی (دەفتەری ماموستا)، ئاوا دەگێڕێتەوە!

**،هەوەڵجار لە بانەوە کە هاتین بۆ سەردەشت و لە سەردەشتەوە هاتینە ،داوداوێ،، منداڵەکانم نارده ،کاولان،، وەزعمان زۆر خراپ بوو، نەمان دەزانی ئاوارەی و لێ قەومان چۆنە و چۆن لە گەڵی رابێین...... لە ماڵە کوردێک دا بووین کە بەداخەوە شەهید بوو، کوێخا عەولایان پێ دەگوت دوو سێ رۆژان لەوێ بووین، دیارە ئەویش وەزعی باش نەبوو، ئێمە فکرمان نەدەکرد کە دەبێ پووڵمان پێ بێ و شتێکمان بێ، زۆر سادە و سەنحی بووین ...... ئێوارێکی مام جەلال دە پانزە پێشمەرگە و دوو ولاخی ناردبوو کە ئەمن بچم بۆ ئەوێ. ئێمەش چووین، دووسێ سەعات رێگا بوو، دوای نوێژی شیوان گەیشتینە ئەوێ، زۆر بە قەدر و حورمەت مام جەلال وەریگرتین..... دوای دووسێ رۆژان ئەمن بە مام جەلالم گوت: ئێمە نابێ لێرەبین دەبێ جێگایەکی دی بۆ خۆمان پەیدابکەین. گوتی جا فڵان کەس دەچی کوێ؟! گوتم ئاخر لە حەیسی سیاسییەوە باش نییە من لای ئێوەبم و ئەتۆ ئێستا لە خاکی ئێران دای! جا تووژەڵە خاکی ئێرانە! گوتم جا رەنگە ئەتۆ لەگەڵ ئێران رابیتەیەکت هەبێ و ئێران ئیجازەی داوی لێرەبی، ئێمە ناکرێ لێرەبین خۆ ئێران وەک چاوئێشەدار لە ئێمەدەگەرێ. دیارە مام جەلال کە ئینسانێکی موحتەرەم و پیاوە، غەیرە جەنبەی سیاسی جەنبەی روحی، مەردانەگی و کوردایەتیشی بەهێزە، گوتی پاراستنی تۆ لە جەنبە سیاسییەکە مووهیمترە! گوتی بۆ کوێ دەچی، دەبێ هەر لێرەبی. ئەمنیش تەماشام کرد هیچ دەرەتانێک نییە و خۆ هیچ کەس هیچ یارمەتییەک ناکا، وەڵا لەوێ بووین و چەند چادرێکی داینێ و چەند نەفەرمان لەگەڵ بوو لەوێ ماینەوە و دەفتەرمان دامەزراند. بەڵام هەم ئێمە و هەم ئەوان بە نەمری نەژی دەژیاین ... ئەوجا ئێمە رابیتەیەکمان لەگەڵ عێراق بەرقەرارکرد، دیارە بە موافقەتی مام جەلال! مام جەلال خۆی دەیزانی! دیارە ئەودەم ئەمنیش و شێخ جەلال هەرچی دەمان کرد مام جەلال ئاگای لێ بوو«. (*).**

قسەکانی شێخ عیزەدین و کاک غەنی بلووریان، بەرادەیەکی زۆر، بارودۆخی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئاستی توانا و ئەزموونی رێبەر و سەرکردەیەتیی حیزبە سیاسییەکانی، لەو کات و رۆژانە روونده‌کەنەوە.

## قەلاچۆکردنی دانیشتووانی گوندی ،قارنێ،

رۆژی ٨ی خەرمانانی ١٣٥٨ ی هەتاوی، پەلێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە نێزیکی شاری «نەغەدە» و لەنێوان گوندەکانی «قارنێ» و «دووئاو»، لە شوێنێک بەنێوی «جەواڵەرەشە»، پەلاماری کاروانێکی سەربازیی رژێم دەدەن و ژمارەیەکی زۆریان لێدەکوژن و بریندار دەکەن. لە رۆژی ١١ی خەرمانان، بەکرێگیراوانی رژێم، لە تۆڵەی ئەو شکستەیاندا، بە هێزێکی زۆرەوە روو لە گوندی «قارنێ» دەکەن. لەپێشدا ئابڵوقەی مووچە و مەزرا و دەوروبەری قارنێ دەدەن، ئەوجا جوتێر و خەڵکی ئاوایی دەدەنە بەردەستڕێژی گوللە و چەندین کەس دەکوژن. ئەوانەی وەبەر گوللەی بەکرێگیراوان ناکەون، بەرەو نێودێ هەڵدێن. چەکدارەکانی رژێم دوایان دەکەون و لەنێو گونددا هەرکەس دەبینن، لە ژن، پیاو، منداڵ، بەردەستڕێژی گوللەی دەدەن. مەلای گوند بەنێوی مەلا مەحموود، قورئانی نێو مزگەوتەکە هەڵدەگرێ و، روو لە چەکدارەکان دەکا و دەڵێ: «بە خاتری ئەم قورئانە، خەڵک مەکوژن و واز بێنن!». وەرامی تکاو رجای مەلامەحموود، بە گوللە دەدەنەوە و لەشی بە گوللە دادەبێژن. «جیهادچییەکان» ی داگیرکەر، لەو رۆژەدا شەست و هەشت ژن و منداڵ و پیر و لاوی گوندی قارنێ، لەنێو کۆڵان و حەوشەی ماڵان و کێڵگە و مەزرادا -شەهید دەکەن و بە دروشمی «الله اکبر خمینی رهبر»، «مردن بۆ دژە شۆڕش» و ... بە شادی و پێکەنینەوە، گوندی قەڵاچۆکراوی قارنێ جێدێڵن و بەرەو مۆڵگەکانیان دەگەڕێنەوە...

«ماویەتی»

**ساڵرۆژی دامەزرانی حکوومەتی رۆژاوای کوردستان، پیرۆزبێت!**